# کوردستانماڵی هەموو کوردێکە

**(بۆ زیندوڕاگرتنی چوارچرا)**

**پێم وانییە هەقی خودا نەبێت، هەقی ترم لەسەر بێت**
**خودایە تۆ خۆت شاهیدی کە من لە خزمەت بەو میللەتەدا خۆم نەبوارد**
**قازی محەمەد**

کوردستان ئەگەر لەژێر دەستی یەك وڵاتدا بووایە توانای کورد بەرامبەر بە یەك دەوڵەتی داگیرکەر دەوەستایەوە. بەڵام توانای کورد، لەگەڵ دابەشبوونی خاکەکەیدا بەسەر چوار وڵاتدا، بووە بە چوار بەشەوە. لە هەر پارچەیەکی کوردستانەوە روانگە بگرین دەبینین یەك بەشی توانای کورد بەرامبەر بە دەوڵەتە داگیرکەرەکەی دەوەستێتەوە. لە هەمان کاتدا، وەکو توانای کورد لەت بووە بە چوار بەش، بە پێچەوانەوە وڵاتی داگیرکەر لە یەکەوە بووە بە چوار.
ئەم راستییە سەرەتای بنیاتنانی ستراتیجی کوردییە. کورد راست وایە توانای گشتیی خۆی بە گوێرەی پێویست لە هەر شوێنێکی کوردستاندا، سەربەست لە وڵات، بەکاربهێنێت. بە رستەیەکی تر، کورد لە بەرامبەر لەتبوونیدا مەرجە کە توانای هەر چوار پارچەکە بەرامبەر هەر دەوڵەتێکی داگیرکەر بە پێی پێویست بخاتە گەڕ. ئەمە کاردانەوەی سیاسیی کورد دەبێت بەرامبەر بە دابەشکردنی. بەڵام ئایا ئەم ستراتیجە، کە ئێستا نابینرێت، جێگای رێتێچوونە؟
هەر تیۆرییەك سەرچاوەکەی هزر بێت روناکبیرییە، واتە بێ نرخە. بۆیە بۆئەوەی ئەم تیۆرییە نرخێکی هەبێت پێویستە لە ئارادا بوونێکی ماددیی پەنجەی بۆ راکێشابێت. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت بگەڕێینەوە بۆ تاقیکردنەوەکان لە مێژوودا. ئایا رووداوە مێژووییەکان پشتگیریی ئەم ستراتیجە دەکەن؟ بۆ ئەم مەبەستە چەند نموونەیەك دەخەینە روو.

### شێخ مەحمود و سمکۆ

رۆژی 1918/11/17 حکومەتی خوارووی کوردستان لە سلێمانی راگەیەنرا. ژمارەیەك کوردی رۆژهەڵات لە کەسانی جیاواز مەزبەتەیەکیان مۆر کرد و ناردیان بۆئەوەی لە رێگای شەریف پاشا وە بگات بە کۆنگرەی ئاشتیی لە پاریس. لەم مەزبەتەیەدا داوایان کردبوو کە گەلی کورد لە ئێران و عێراقدا لە ژێر ئاڵای شێخ مەحموددا کۆ بکەنەوەو بیان کەن بەیەك، وەکو گەلێك تەماشابکرێن و پارچەکردنیان کردەوەیەکی بێویژدانانەیە (46/1).
جێگری حاکمی سیاسیی عێراق ئەرنۆلد ویلسن کە هات بۆ سلێمانی زوو هەڵوێستی خۆی پیشانی کورد دا کە ئەو حکومەتەی ئینگلیز باسی دەکات سنورەکەی ناگاتە کوردستانی ژێر دەستەڵاتی ئێران. بێگومان دواتر دەرکەوت کە ئەو حکومەتەی ئینگلیز دەیویست، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری داگیرکردنی ناوچەکە بوو نەك مافی کورد بۆ بەڕێوەبردنی خۆی. سەرئەنجام ناکۆکیی دوو سیاسەتی جیاواز لە حکومەتی خوارووی کوردستاندا تەقییەوە.
شێخ مەحمود لەگەڵ مەحمود خانی دزڵی، کە کوردی رۆژهەڵات بوو، رێککەوت کە مەحمود خان بە بیانوی زیارەتی مەزاری کاك ئەحمەدی شێخەوە بە هێزێکەوە بێت بۆ سلێمانی. مەحمود خان لە راپەڕینی رۆژی (1919/05/23)ی سلێمانیدا کە ئاڵای کوردستانی تیا هەڵکرا رۆڵێکی سەرەکیی هەبوو لە شکاندن و پاکردنەوەی سلێمانی لە هێزی بەریتانیی.
ساڵی (1922)یش ئینگلیزەکان شێخ مەحمودیان لە بەندیخانەوە لە هندستان هێنایەوە بۆئەوەی شەڕیان بۆ بکات دژی تورك. شێخ لەم بارەیەوە دەڵێت: "دەیانەوێت کار و فەرمانێکی پۆلیسیم پێ بسپێرن، خەڵك لە

خۆم کۆبکەمەوەو بچم تورکەکانیان لە رەواندز بۆ دەربکەم. من هەموو ژیان و سەروماڵ و کەسوکارو هاوڕێ و دۆستم هەمووی لە پێناوی کورددا داناوە، ئێستا من چۆن ئەو کارە پۆلیسییە ناشرینە دەکەم؟ ئینگلیزەکان بەڵێنیان داومێ کە هەرچی ئەو موڵك و ماڵەم کە دەستیان بەسەردا گرتبوو هەموویم بدەنەوەو یارمەتی ماڵییشم بدەن، بەڵام من چۆن بۆ ماڵی دنیا شتی وا ناشرین دەکەم؟" هەروەها شێخی نەمر دەڵێت: "ئینگلیزەکان و فەیسەڵ منیان بۆ ئەوە هێناوەتەوە کە تورکەکانیان بۆ دەربکەم بەبێ ئەوەی لە هیچ گفتوگۆکردنێکدا دەربارەی دوارۆژی کوردستان هیچ بەڵێنێك بدەن (283/2). ئینگلیزەکان سمایل خانی شوکاك و سەید تەهای شەمزینیان راسپارد کە کار بکەنە سەر شێخ بۆئەوەی شەڕی تورك بکات یاخود خۆیان بەو کارە هەستن.

سمکۆ (سمایل خانی شکاك) لە بروسکەیەکدا بۆ شێخ دەنوسێت:

"گەورەم، ئەمڕۆ هەموو کاروبارێکی کورد بەدەست تۆوەیە، وامان بە باش زانی دەست نەدەینە هیچ کارێك بێ پرسی تۆ."

شێخ لە وەڵامی سمکۆدا دەنوسێت:

"ئەگەر بمانەوێت کارێکی تازە دەست بدەینێ و، بە بێ پاڵپشتێك، ئەوا گەلەکەمان دەخەینە ناڕەحەتییەوە. هەتاکو ئێستاش بە شێوەیەکی رەسمیی بەیانی سەربەخۆیی کوردستانیان دەرنەکردووە تاکو بتوانین بەرهەڵستی دەوڵەتە دراوسێکانمان بکەین." هەروەها دەڵێت: "وا سێ مانگ بەسەر ئەو پەیمانەی حکومەتی بەریتانیا دەربارەی مەسەلەی کورد دابووی رابورد، تاکو ئێستا هیچ بەندێکی جێبەجێ نەکراوە تا بۆ گەلەکەمانی بلأوبکەینەوە. دیسان دەڵێت : "ئەگەر توانیمان مافی رەوامان بەدەست بخەین، ئەوا لە دوژمنەکانمان دور دەکەوینەوەو فەرمانی دەوڵەتی بەریتانیاش لە سنوری یاسادا جێبەجێ دەکەین (102/1)."

سمکۆ لە بروسکەی دووەمدا هەوڵێکی دی دەدات لەگەڵ شێخ، ناوبراو دەنوسێت: "من وا ئەبینم جگە لە ئینگلیز کەس مافمان ناداتێ، شتێکی سروشتییە ئەوانیش داوای پاداشت بکەن. ئەگەر بەڕێزتان بە باشی زانی من ئامادەم بە بێ خوێنڕشتن مافمان وەرگرین. باشتریشە دوژمن لە خاکمان دەربکەین و داوای یارمەتیش لە عەرەب و ئینگلیز بکەین."

شێخ لە وەڵامی ئەم بروسکەیەی سمکۆدا دەنوسێت:

"هەموو بەدەستهێنانێك سوپاسی دەوێت. بەڵام خۆبەکوشتدان لە رێگای بێگانەدا بە خۆڕایی دەڕوات. ئەگەر ئەوان ئامادەن مافمان بدەنێ، منیش ئامادەم بۆ پاداشتدانەوەیان."

سمکۆ رۆژی 1922/12/07 هاتە سلێمانی و پێشوازییەکی گەورەی لێ کرا (220/3). ئینگلیزەکان بۆیان دەرکەوت ناتوانن ئەم سەرکردانەی کورد بۆ مەبە ستی خۆیان بەکاربهێنن. بۆیە کەوتنە هەڕەشەو ئاگاداری سمکۆیان کرد کە سلێمانی بەجێ بهێڵێت._رۆژی 2 و 3ی مانگی مارتی ساڵی 1923 هێزە ئاسمانییەکانی بەریتانیا سلێمانیان بۆمبباران کرد (226/3).

**قازی محەمەد و بارزانییەکان**

قازی محەمەد رۆژی 1946/01/22 بەیانی دامەزراندنی کۆماری مەهابادی کرد (119/2). بارزانییەکان روویان کردە ئەم کۆمارەو لە جەنگی پاراستنیدا رۆڵێکی دیاریان بینی. هەر لە باشوری کوردستانەوە ئەفسەرە کوردەکان: نوری ئەحەمەدی تەها، مستەفا خۆشناو، قودسی، خەیروڵآ و عیزەت عەبدولعەزیز بەشدارییان تیا کرد. کاك نوری لێ دەربچێت هەر چوار ئەفسەرەکەی تر دواتر حکومەتی عێراقی ئینگلیزیی ئیعدامی کردن. یەکێك لەو تاوانانەی کە لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە خرابووە سەر قازی محەمەد هاتنی مەلا مستەفا و بەشداریکردنی بووە لە کۆماری مەهاباددا. هەروەها (سەدری قازی)یش یەکێك لە تاوانەکانی ئەوە بووە کە بە هۆنراوەیەك بەخێرهاتنی مەلا مستەفای کردووە. سەدری قازی لە هۆنراوەیەکدا بۆ مەلا مستەفا دەڵێت: "سەروەر مستەفایە، بۆ محەمەد پشتیوان و برایە. یا رەب شوعلەوەر کەیت ئەو دوو چرایە (5)."

قازی محەمەد لە وەڵامی تاوانی هێنانی مەلا مستەفادا لە مەحکەمەی ئێرانییدا دەڵێت: "نە من هێناومە، نە بێگانە و غەیرە کوردە. مەلا مستەفا کوردەو کوردستانماڵی هەموو کوردێکە. مەلا مستەفا وەکو کەسێك لە بەشێکی ماڵەکەی خۆی هاتۆتە بەشێکی ترەوە. هەموو کەسێکیش مافی ئەوەی هەیە لە هەر شوێن و لایەکی موڵك و ماڵی خۆیدا دابنیشێت" (5).
نرخاندن و گەشەپێدانی ئەو کەرەسە ماددییانەی لە یەك نیشتیمان و یەك گەل دەدوێن بەشێکی بنچینەیی لە کێشەی کورد دەگرن. بە بێ رەچاوکردنی ئەو کەرەسانە وەکو بەردی بناغە نە مێژوونوس دەتوانێت مێژووی کورد لە کورد خۆیەوە و بۆ کورد خۆی بنوسێت نە سیاسیی دەتوانێت بەرنامەیەك پیادە بکات سیاسەتی کوردیی بێت. کاك کەمال مەزهەر لە کتێبی "رۆڵی گەلی کورد لە شۆڕشی بیستی عێراقیی"دا زانیارییەکی باشی دەربارەی رووداوەکانی ئەو سەردەمەی باشوری کوردستان خستۆتە روو، بەڵام ئەم زانیارییانە وەکو لە ناوی کتێبەکەشدا دەردەکەوێت بە پێی بیرکردنەوەی عێراقیی رێکخراوون. بۆیە کتێبەکە دەچێتە خانەی مێژووی عێراقەوە نەك مێژووی کوردەوە. دیارە مرۆڤ دەبێت حسابی فاکتەرەکانی ئەو سەردەمە، کە یەکێك لەوان کۆمۆنیزم بووە، بکات کە کتێبەکەی تیادا نوسراوە.

**پێنجەم دەوڵەتی داگیرکەر**

لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم کوردستان بوو بە چوار بەش و چوار وڵاتی داگیرکەر. ئەم چوار وڵاتە داگیرکەرە بۆ لێدانی کورد ژمارەیەك جار لە مێژوودا بە یەکگرتنیان هێزێکی گەورەتریان بۆ لێدانی کورد پێك هێناوە کە ناوی دەبەم بە: "پێنجەم وڵاتی داگیرکەر".
عێراق، بەریتانیا و ئێران ساڵی 1931 رێککەوتن لەسەر ئەوەی کە رۆژی (14)ی مانگی پێنج لەشکر بە هاوکاریی بکەنە سەر شێخ مەحمود (178/4). بەم پێیە توانیان بەهۆی وڵاتی پێنجەمەوە بەسەر کورددا سەربکەون و کۆتایی بە هەوڵەکانی شێخی نەمر بهێنن. هەروەها ساڵی 1932 عێراق و بەریتانیا لەگەڵ تورکیادا بۆ لێدانی بارزانییەکان رێککەوتن. داگیرکەرانی کورد توانیان وڵاتی پێنجەم دروست بکەن، بەڵام کورد بەرامبەر بە "وڵاتی پێنجەم" نەیتوانیووە ستراتیجێك دابڕێژێت کە لە رێگای سیاسەتی سەرجەمگیرییەوە (*) توانای گشتیی کورد بەکار بهێنێت. ئینگلیزەکان کە نەخشەی ژێردەستەکردن و شکاندنی کوردیان داڕشت بەئاگا بوون لەم خەسڵەتەی سیاسەتی سەربەخۆیی کورد. بۆیە لە هەڵسەنگاندنەکانیاندا حسابی سیاسەتی سەرجەمگرییان کردووە کە جێگای مەترسییە. مەندوبی سامی رۆژی 1930/05/20 بە گوێچکەی مەلیك فەیسەڵدا دەخوێنێت کە کارێکی خێرا لە لایەن خۆیان و حکومەتی عێراقەوە بکرێت بۆ ئەوەی کە رێگا بگرن عێراق وەکو پەنجەی پیلانی پان کوردیی بەکار بهێنرێت، بە دەربڕینی ئەو، دژی دۆستە دراوسێکانی. لە هەمان کاتدا مەندوبی سامی ئاگاداری مەلیك فەیسەڵی کردووە کە جیاوازیی بکرێت لە نێوانی ئەو سیاسیانەدا کە ئەو جۆرە چالاکییانە دەکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە داکۆکیی لە بەرژەوەندیی رەوای کورد لە عێراقدا دەکەن (194/4). ئەو کاتە شێخ مەحمود لە گوندی پیران، کە لە سنوری ئێراندایە، دانیشتبوو. ئینگلیزەکان توانیان بەر لەوە بگرن کە سیاسەتی کوردیی گەشە بکات بەرەو ستراتیجی سەرجەمگەریی و بگرە سەرکەون لەوەشدا کە توانای کورد لە باشوری کوردستاندا دژی کورد خۆی بەکاربهێنن. لە راستییدا ئەو بەرژەوەندییانەی کە ئینگلیز بە رەوای دانابوو بۆ کورد سوکایەتیی بوون بە گەلێك و ئەو کەسانەش کە داواکاری ئەو مافانە بوون بەگشتیی داردەستی ئینگلیزەکان خۆیان بوون. لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە ئینگلیزەکان توانیان ئەرکی ئەم بیرکردنەوەیە بە کورد خۆی بسپێرن.
بیرکردنەوەی پارچەگەریی یەکێکە لەو دیاردانەی کە ژێرکەوتنی کورد پیشان دەدات. مەحاڵبوونی دروستبوونی دەوڵەتی کوردیی سەرچاوە لە نەبوونی ستراتیجی سەرجەمگەرییەوە دەگرێت. بە رستەیەکی ساکارتر، دەوڵەتی کوردیی بۆیە مەحاڵە، چونکە سیاسەتێکی سەرجەمگەریش کراوە بە مەحاڵ. بە لێدانی سیاسەتی سەرجەمگەرییە کورد کراوە بە کۆیلەی ماڵی خۆی. تورکیا کە رۆژی (2008/02/21) هێرشی زەمینیی بۆ سەر بنکەکانی پەکەکە دەست پێ کرد و دوای هەشت رۆژ لە پڕێکدا رۆژی 2008/02/29 کشایەوە، بە لولەی تفەنگی ژمارەیەك گریلا نەشکا. تورکیا لە خاڵێکی دا

که هەستی سەرجەگەریی کوردی راپەڕاند و مەترسیی پەشێویی خستەوە لە ناوچەکەدا. ئەمەریکا دەبێت لە تورکیای سەر ڕەقی گەیاندبێت کە شەڕی دژی کورد ئاوا ناکرێت.

## سەرئەنجام

مورالّی سیاسیی کورد ئەو زانیاریانەیە کە پیشانی دەدەن سیاسەتی کورد دەبێت جەخت بخاتە سەر چی و بە پێچەوانەوە خۆی لە کام شتانە بپارێزێت؟ ئەو کەرەسە مێژووییانەی سەرەوە کە پەنجەم بۆ راکێشان ژمارەیەك پرەنسیپی سیاسیی پیشان دەدەن کە گرنگییان هەیە لە مورالّی سیاسیی کورددا.
**یەکەم**، خۆبەستنەوە بە بەرژەوەندیی کوردەوە هەموو لایەنە کوردپەروەرەکان کۆدەکاتەوە. کەواتە، شەڕی کورد و کورد جیاوازیی ئایدۆلۆجیی ناگەیەنێت، بەڵکو گومان دەخاتە سەر کوردپەروەریی.
**دووەم**، لە قسەکانی شێخ مەحموددا دەردەکەوێت کە: هاوکاریی لەگەڵ هەر لایەنێکدا بۆ سیاسەتێکی هاوبەش دەبێت بەپێی رێکەوتنێکی سەلماو بێت کە بەرژەوەندیی هەردوو لا بسەلمێنێت. بۆ نموونە، پەیوەندیی پارتە کوردییەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بۆئەوەی پێی بوترێت هاوکاریی یان وەکو خۆیان دەڵێن "هاوپەیمانیی" پێویستە بەرژەوەندیی کورد هەم بە نوسین هەم بە کردار سەلمابێت و گەرەنتی کرابێت.
**سێیەم**، خۆبەکوشتدان تەنها لە پێناوی بەرژەوەندیی گەلدا رەوایە.
**چوارەم**، وەکو قازی محەمەد دەریدەبڕێت: "کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە."
رووداوەکان ژمارەیەك تاقیکردنەوەو پرەنسیپیان بۆ تۆمار کردووین. مێژوو حەکایەت نییە، بەڵکو گەنجینەی ئەو تاقیکردنەوەو پرەنسیپانەن. ئەوانەی بڕیاری چارەنوسی گەلی کورد دەدەن، ئەگەر ئەو پرەنسیپ و هەڵوێستانەیان پێش نەخستبێت ئەوا بە لایەنی کەمەوە دەبێت رایان گرتبێتن.
مێژووی کورد لە ئارادا پیشانی داوە کە بە کارهێنانی توانای گشتیی کورد لە سیاسەتی رزگاریی جیا نابێتەوە. لە هەمان کاتدا زیانلێدانی کورد لە رووی سیاسییەوە، ئەوەش دەگرێتەوە کە زیان لە سیاسەتی سەرجەمگیریی کورد دەدات.
**لە کۆتاییدا:**
رۆژی 1947/03/30 سەیفی قازی، سەدری قازی و قازی محەمەد لە چوارچرا لە دار دران. ئەم وتارە بۆ زیندوڕاگرتنی ئەو یادە نوسراوە.

## چوار چرا

ئەو بەرەبەیانەی دڵی ئێوەیان وەستاند
مێژووش پرسیارێکی تری داگیرساند
ئەو بەرەبەیانەی دڵی ئێوە
بۆ هەستانی ئێمە وەستان
ئێمە نوستبووین
ئێستاش هەر نوستووین
لە راستییدا نازانم
ئەمە خەوە یان مەرگ.
03-04-2008

سەرچاوەو پەراوێز:
*مەبەستم لەو سیاسەتەیە کە سەرچاوە لە بەرژەوەندیی گشتیی کوردەوە دەگرێت یان رەچاویان دەکات.

1. کەمال نوری مەعروف، یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید، چاپی یەکەم 1995.
2. م.ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن.
3. (نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانیی کوردیی، بەرگی دووەم، 2002، حکومەتی هەرێمی کوردستان، زنجیرە 133)
4. نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەردەمی قەڵەم و موراجەعات 2000، مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان بەرلین/ئەڵمانیا.
5. سایتی www.rojhalat.de دەقی دادگاییکردنی پێشەوا قازی محەمەد، سەدر و سەیفی قازی،.

ناسر حەفید

03-04-2008
nala1922@hotmail.com